# کێ بەرپرسیارە لە بەشداری نەکردنی بەهار خ



**هەفتەی رابردوو شاندی عێراق بەرەو وڵاتی ڤێتنام بەرێکەوت بەمەبەستی بەشداری کردنیان لە یارییەکانی پاڵەوانیەتی ئاسیا کە لە هۆڵە داخراوەکان ئەنجام دەدرێت کە عێراق لە چەندین یاری بەشداری کردووە یەکێك لەم یارییانە یاری گۆرەپان و مەیدان بوو کە تیاییدا هەردوو یاریزانی زێرینی کوردستان گولستان مەحمود و بەهار خەسرۆ ناویان لەگەڵ شاندەکە بوو بۆ ئەوەی بەشداری ئەم پاڵەوانیەتیە بکەن لەگەڵ هەریەکە لە دکتۆر حوسێن سەعدی وەکو راهێنەر و سەرتیپ فاریق وەکو کارگێری شاندەکە، شاندەکە بەرەو وڵاتی ڤێتنام بەرێکەوت کەچی بەهار خەسرۆ لەگەڵ شاندەکە سەفەری نەکرد و هەلێکی ڕێرینی لە دەست خۆیدا چونکە ئەمە یەکەم جارە بەشداری لەم جۆرە پاڵەوانیەتیە بکات، بەهار خەسرۆ خاوەنی ژمارەی پێوانەیی یاری (سباعی) بوو لەسەر ئاستی عێراق و لە پاڵەوانیەتی عەرەبی ملوانکەیەکی زیو و ڕێری بە دەستهێنا بۆیە یاریزانێکی ڕێرینە، سەفەر نەکردنی یاریزان بەهار خەسرۆ لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق رەنگە تووشی سزا بێت و لە یاریکردن رابگیرێت، ئێمە بۆ زانینی راستییەکان کێ هۆکاری سەرەکی بوو کە ئەم کچە یاریزانە بەشداری لە پاڵەوانیەتی ئاسیا نەکات و لەگەڵ شاندی عێراق سەفەر نەکات، بە پێویستمان زانی راوبۆچوونی هەریەکە لە رعد محەمەد راهێنەری بەهار خەسرۆ و کچە یاریزانی بە توانا بەهار خەسرۆ وەربگرین.**

ئا: ڕێبین رەمزی
rebin1985@yahoo.com

**سەرەتا رعد محەمەد راهێنەری یاریزان بەهار خسرۆ بەم شێوەیە هاتە ئاخافتن:** ئەوەی راستی بێت یەکێتی گۆرەپان و مەیدانی عێراق سەرەتا بڕیارێکی دا کەوا هەر یاریزانێك لە هەڵبژاردەی عێراق راهێنەری خۆی لەگەڵ دەبێت، دوای ئەوەی بەشداریمان لە پاڵەوانیەتی عەرەبی کرد لە سوریا و گەڕاینەوە عێراق بە منیان راگەیاند کە من لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشداری پاڵەوانیەتی ئاسیا ناکەم، بۆیە یاریزان بەهار خەسرۆ ئامادە نەبوو لەگەڵ شاندەکە سەفەر بکات بە بێ راهێنەرەکەی، منیش وەکو راهێنەری یاریزانی ناوبراو ئامادە نیمە بە هیچ شێوەیەك یاریزانی خۆم بە بێ راهێنەرەکەی بچێتە دەرەوەی کوردستان جا چ لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بێت یاخود یانەکان بێت، هەتا ئەگەر بەشداری لە هەر پاڵەوانیەتیەکی گەورە بکات بۆ نموونە پاڵەوانیەتی جیهان و ئۆلۆمپیادیش بێت من رازی نیمە یاریزانەکی خۆم بە بێ راهێنەر بەشداری بکات.

*** تا چەند راستە تۆ رێگر بووی لە سەرفەرنەکردنی بەهار بۆ ئەم پاڵەوانیەتیە لەبەر بەرژەوەندی خۆت رێگات بەم یاریزانە نەدا بەشداری لە پاڵەوانیەتیەکی وا گەورە بکات؟**

- ئەمە راست نییە، بەهار خۆی رازی نەبووە بە بێ من بەشداری ئەم پاڵەوانیەتیە بکات ئەم قسەیەشی بە خودی سەرۆکی یەکێتی گۆرەپان و مەیدانی عێراق دکتۆر تاڵیب فیسەڵ گۆت، لە هەمان کاتدا من ئامادەیی خۆم نیشاندا کە لەسەر حیسابی خۆم بەشداری ئەم پاڵەوانیەتیە بکەم بۆ ئەوەی لەگەڵ یاریزانەکەم بم بۆ ئەوەی لەم جۆرە پاڵەوانیەتیە بێ بەش نەبێت، کەچی ئەوان رازی نەبوون بەم شتە گوتیان دەبێ تۆ بە فرۆکەیەکی تر سەفەر بکەی نەك لەگەڵ شاندەکە.

*** ئایا راستە تۆ بۆ ماوەی یەك ساڵ سزا درای لە لایەن یەکێتی گۆرەپان و مەیدانی عێراق؟**

- تا ئێستا ئەم بڕیارە بە فەرمی دەرنەچووە، بەڵام سەرۆکی یەکێتی گۆرەپان و مەیدان دکتۆر تاڵیب فیسەڵ پێ راگەیاندین کەوا ئێمە سزا دەدات، من گوێ لەم جۆرە شتانە ناگرم، چونکە من و بەهار بە ماندووبونی خۆمان گەیشتینە ئەم ئاستە، من بەهارم دروستکردووە، هەڵبژاردەی عێراق بەهاری دروست نەکردووە هەتا ئەم جۆرە قسانە بکەن.

*** چۆن لە پاڵەوانیەتی عەرەبی یاریزان گوڵستان مەحمود بە بێ راهێنەرەکەی بەشداری ئەم پاڵەوانیەتی کرد کەچی تۆ رازی نەبووی یاریزانەکەی خۆت بە بێ راهێنەر بۆ پاڵەوانیەتی ئاسیا بنێری؟**

- راستە گولستان مەحمود بە بێ راهێنەری خۆی بەشداری پاڵەوانیەتی عەرەبی کرد، بەڵام راهێنەرەکەی دکتۆر حوسێن سەعدی ئەم یاریزانی لەگەڵ من نەنارده ئەم پاڵەوانیەتیە، بەڵکو لەگەڵ یاریزانێکی خۆی گوڵستانی ناردە پاڵەوانیەتی عەرەبی، چۆن منیش یاریزانی خۆمی لەگەڵ ئەم راهێنەرە بنێرم کە ئەو ئامادە نەبوو گولستان لەگەڵ من بنێری.

*** بە بۆچوونی تۆ گەر بەهار خەسرۆ لەم پاڵەوانیەتیە بەشداری بکردبایە نەدبووە هۆی ناسینی ئەم یاریزانە؟**

- دەمەوێ شتێك بڵێم لەم پاڵەوانیەتیە هەڵبژاردەی عێراق هیچ ئەنجامێکی باش بە دەست ناهێنن و تەنیا بە مەبەستی بەشداری بوون چوونە ئەم پاڵەوانیەتیە.

*** بە بۆچوونی خۆت ئەمە نابێتە هۆی سزا دانی یاریزان بەهار خەسرۆ لە لایەن یەکێتی گۆرەپان و مەیدانی عێراق بە هەمان شێوە دەبێتە هۆی بەشداری نەکردنی لە پاڵەوانیەتی ئاسیا بۆ گۆرەپان و مەیدان لە وڵاتی چین ئەنجام دەدرێت؟**

- راستە رەنگە سزا بدرێت بەس ئەمە گرنگ نییە، چونکە لە یەکێك لە پاڵەوانیەتیەکان بەهار ژمارەیەکی باش بە دەست دەهێنێت کە ناچار دەبن دووبارە بانگهێشتی هەڵبژاردەی عێراقی بکەنەوە.

*** تا چەند راستە لە پاڵەوانیەتی عێراق تۆ دژایەتی یانەی هەولێرت کردووە، تا چەند راستە؟**

- ئەم قسە لە راستی دوورە، یانەی هەولێر هاوکاریم دەکات و دەرگای یاریگای بۆ من واڵا کردووە بۆ ئەوەی بەهار خەسرۆ مەشقی رۆژانەی خۆی ئەنجام بدات، چۆن من دەچم دژایەتی یانەیەك بکەم کە یاریمەتیم دەدات، بە پێچەوانەوە من زۆر هاوکاری یانەی هەولێرم کردووە لەم پاڵەوانیەتیە، لە راکردنەکان رێگام بە بەهار نەدا بەشداری بکات لەبەر یانەی هەولێر گوتم با ئەوان ئەنجام بە دەستبهێنن.

*** بەڵام بۆچی بەهار خەسرۆ یاری بۆ یانەی هەولێر نەکرد لە پاڵەوانیەتی عێراق و یاری بۆ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کرد؟**

- ئەوەی راستی بێت یانەی هەولێر گۆتیان ئێمە تەنیا بەهار خەسرۆمان دەوێت پێویستیمان بە راهێنەرەکی نییە، بە یانەی هەولێرم گۆت با یاری بۆ یانەی هەولێر بکات، بەڵام تەنیا من مەشقی پێ دەکەم بەمەش رازی نەبوون، من کە راهێنەری بەهار خەسرۆم یاریزانەکەم لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بە بێ راهێنەر سەفەر ناکات، چۆن یاری بۆ یانەی هەولێر بکات بە بێ راهێنەرەکەی.

*** ئایا وا هەست دەکەی کە دژایەتی دەکرێی؟**

- بەڵێ من لە لایەن یەکێتی گۆرەپان و مەیدانی هەولێر دژایەتی دەکرێم و ئێستا لە یەکێتی گۆرەپان و مەیدانی عێراقیش تووشی کێشە بووینە، بەڵام دژایەتی بکرێم و نەکرێم ئەوە گرنگ نییە من هەر لە وەرزشەکەی خۆم بەردەوام دەبم گوێم لەم جۆرە شتانە نییە.




# ـــەسرۆ لەپاڵەوانیەتی ئاسیا ؟

لە کۆتایشدا من زۆر خۆشحاڵم کەوا یاریزان بەهار خەسرۆ وەفایی بۆ من هەبوو هەموو شتێکی کردە قوربانـــی لە پێناوی من، چونکـــە بەهار دەڵێ : تۆ منت بە جەماوەر ناســـاند تو ئاستی منت بەرز کردووە.

**دواتر کچە یاریزانی زێڕین بەهار خەسرۆ سەبارەت بەم کێشەیە گوتی:** هۆکاری نەچوونم بۆ ڤێتنام بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەوان رازی نەبوون کە راهێنەرەکەم لەگەڵم بێت، بۆ یاریزانەکانی تر هەموویان لەگەڵ راهێنەری خۆیان سەفەریان کرد بۆ تەنیا من بە بێ راهێنەر بچمە ڤێتنام، راهێنەرەکەم ئەو پێشـــنیاری کـــرد ئامادەیە لەســـەر بودجەی خـــۆی لەگەڵ شـــاندەکە ســـەفەر بکا، بەڵام ئەوان رازی نەبوون وتیـــان دەبێ بە فڕۆکەیەکی جیاواز بچیە ڤێتنام و نابی لەگەڵ شـــاندەکە بی، بەم شتە رازی نەبووم بڕیارمدا لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەشداری ئەم پاڵەوانیەتیە نەکەم.

*** ئایـــا ئەمە هۆکارە کەوا بەشـــداری گرنگترین پاڵەوانیەتی نەکەی لە ئاسیا؟**

- بەڵێ، ئەمە هۆکارێکی ســـەرەکیە سەرکەوتنی هەر یاریزانێك بۆ راهێنەر دەگەڕێتەوە، مامۆســـتا رەعد منی بەم ئاســـتە گەیاندووە چۆن دەتوانم بە بێ راهێنەرەکەم بەشداری لە پاڵەوانیەتیەکان بکەم، راســـتە پاڵەوانیەتی ئاســـیا زۆر گرنگە و هەموو کەس خەون بەم جۆرە پاڵەوانیەتیە دەبینێت بەشداری نەکردنمان زۆر ناخۆش بوو.

*** ئێوە کاتێـــك کە بانگهێشـــتی هەڵبژاردەکانی عێراق ناکەرێن رەخنە لە بەرپرســـەکان دەگرن دەڵێن غەدرمـــان لێ دەکـــەن و بایەخمان پـــێ نادەن و پشتگیریمان ناکەن، کەچی بانگهێشتی هەڵبژاردە دەکرێن بۆ بەشداری کردن لە پاڵەوانیەتیەکان، بەڵام لەگەڵ شاندەکە سەفەر ناکەن؟**

- ئەم قسەیە راستە، بەڵام بەرپرسانی وەرزشی کە لە یەکێتیە وەرزشـــیەکانی عێراق کار دەکەن هیچ کات پشتگیری کوردەکان ناکەن، بەڵکو پشتگیری عەرەبەکان دەکەن واتە هیچ بەرگریمان لێ ناکەن، مافی خۆمە گلەیی لە بەرپرسانی وەرزشی بکەم چونکە دەبێ ئەوان بە تەواوی پشـــتگیرمان بکەن لە هەموو لایەنێکەوە.

*** ئێستا راهێنەرکەت رێگر بووە لە بەشدارینەکردنت لەم پاڵەوانیەتیە؟**

- نەخێـــر، ئەمە لە راســـتی دوورە، ئەمە بڕیاری خۆمە خۆشم بەرپرسم لە بڕیارەکەم.

*** بـــۆ ئامـــادە نەبووی یاری بـــۆ یانەی هەولێر بکـــەی لە پاڵەوانیەتی عێـــراق، یاریت بۆ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کرد؟**

- ئەمە لە راســـتی دوورە، من بە یانەی هەولێرم راگەیاند کە ئامادەم یاریتان بۆ بکەم، کەچی ئەوان گوتیان تەنیا پێویســـتمان بە تـــۆ هەیە و کارمان بە راهێنەرەکەت نییە، مامۆستا رەعد گوتی: من رازیم، بەڵام دەبێ لە لایەن پارەوە هیچ جیاوازییەك لە نێوان گولستان مەحمود و بەهار خەسرۆ نەبێت، بەڵام ئەوان بەمەش رازی نەبوون.

*** ئایا هیچ کێشـــەت لەگەڵ گولستان مەحمود هەیە، ئایا هەست بەوە دەکەی کەوا بایەخ زیاتر بە گولستان مەحمود دەدرێ نەوەك بە تۆ؟**

- زۆر ســـەیرم پێدێت بۆ جیـــاوازی لە نێوان من و گوڵســـتان مەحمود دەکەن، گوڵستان (٣) یاری دەکات منیش بە هەمان شـــێوە (٣) یاری دەکەم، گوڵســـتان مەحمود ملوانکەی زێڕی بە دەسهێناوە منیش ملوانکەی زێڕم بە دەســـتهێناوە، گوڵستان مەحمود ملوانکەی زیوی بە دەســـتهێناوە منیش ملوانکەی زیوم بە دەستهێناوە گوڵستان ژمارەیی پێوانەیی شـــکاند منیش ژمارەیی پێوانەیم شکاند لە پاڵەوانیەتی عەرەبی، بەڵام دوای گەڕانەوەمان لە ســـوریا بۆ کوردستان سەیر دەکەم لە خەڵاتەکان جیـــاوازی لە نێوان من و گوڵســـتان کـــراوە ئەو خەڵاتەکەی لە من زیاتر بۆ داندراوە زۆر سەیرم پێ هات بۆ ئەو جیاوازیە، بە هەمان شـــێوە راگەیاندن زیاتر بایەخ بە گوڵســـتان مەحمـــود دەدات هیچ بایەخێك بە من نادات، هەرچەندە ئێمە هەردووکمان کچی شاری هەولێرین، چونکە من یاریم بۆ یانەی پێشمەرگەی سلێمانی کردوو و گولستان یاری بۆ یانەی هەولێر کـــردووە بۆیە دژایەتی من دەکرێت لە لایەن راگەیاندن و کەســـانی تر و بەرپرســـانی تری وەرزشی.

*** دوای ئەوەی بەشداری لەم پاڵەوانیەتیە نەکرد، ئایـــا دووبارە بانگهێشـــتی هەڵبـــژاردەی عێراق دەکرێیەوە؟**

- بەڵـــێ، زۆر متمانەم بە خـــۆم هەیە کە دووبارە بانگهێشـــت بکرێمەوە، چونکە لە عێراق یاریزانی کچی بە توانا نییە وەکو من و گوڵســـتان مەحمود و هەڵبژاردەی عێراق منونـــی ئێمەیە کە یارییان بۆ بکەین، چونکە دروستکردنی یاریزان ماوەیەکی زۆری دەوێـــت، بۆیە تا ماوەیەکی زۆر یاریزانێکی وەکو منیان بۆ دروست نابێتەوە.

*** تا چەند راستە کە یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق بە ئێوەی راگەیاندوو گەر بەشداری نەکەی ئەوە تووشی سزا دەبی؟**

- بەڵێ، ئەم قســـە راســـتە بە ئێمەیان راگەیاند گەر بەشـــداری ئەم پاڵەوانیەتیە نەکەین تووشـــی ســـزا دەبین، بەڵام دەمەوێ شتێك بڵێم گەر هاتوو تووشی سزا بووم و لە یاریکردن راگیرام ئەوە بڕیارم داوە بە یەکجار واز لە یـــاری گۆڕەپان و مەیدان دەهێنم و ناگەڕێمە یاری کردن.

*** ئایـــا ئەمـــە بڕیـــاری خۆتە یاخـــود بڕیاری راهێنەرکەتە؟**

- ئەمە بریاری خۆمە و راهێنەرەکەم ئاگاداری ئەم بڕیارە نییە، چونکە ئەمە دوا رۆژی خۆمە، خۆم بەرپرسیارم لە بڕیارەکانم.



## مۆنتاری: هەڵب

**لەو ماوەی دواییدا ئەســتێرەی گانی عەلی سۆلی مۆنتاری دووجار ناوی کەوتە نێو جیهانی وەرزشی یەکەمیان کێشــەی بەرۆژبوونــی لە خولی یانەکانی ئیتاڵیا و دووەمیش گەیشــتنی هەڵبژاردەی گانــا بۆ کۆتاییەکانی مۆندیالی (٢٠١٠) و یەکەم پلیتی کیشــوەری ئەفریقیای وەرگرت، لە لایەکی دیکەوە قســە و باس لەو کێشەی نێوان مۆنتاری و راهێنەر مۆرینهۆ دەکرێ بەهۆی ســووربوونی مۆنتاری بۆ بەرۆژو بوون لە کاتی یارییەکان و هەروەها مۆنتاری باس لە ســەرکەوتنەکان و هۆکاری گەیشــتنیان بۆ مۆندیال دەکات، ئەم چاوپێکەوتنە بەشی دووەمی چاوپێکەوتنی عەلی سۆل مۆنتاریە لەبەر گرنگی بە پێویستمان زانی بۆ خوێنەران بڵاوبکەینەوە.**



*** ســەرەتا پیرۆزبایتــان لێ دەکــەم بە بۆنەی گەیشــتنتان بۆ مۆندیال؟**

- زۆر سوپاس، ناتوانم ئەو خۆشیەت چۆن بۆ باس بکەم.

*** هۆکاری ئەو خۆشــیە چی بوو کە سەرتاپای گانای گرتەوە بە بۆنەی گەیشتنتان بۆ مۆندیال؟**

- یاریکردن لە مۆندیال خۆی لە خۆیدا ســەرکەوتنێکی مەزنە بۆ هەموو وڵاتێك بگــرە بۆ بەرازیلیش کە بە بەردەوامی بەشــداری مۆندیالی کردووە.

*** خەڵکانێــك دەڵێن ئێوە زۆر بە ئاســانی گەیشــتنە مۆندیالی (٢٠١٠)؟**

- لەوانەیە چانس یاوەرمان بوو لــە قۆناغی یەکەم توانیمان چوار ســەرکەوتن لەسەر یەکدی بە دەستبهێنین ئەوەش بووە هۆکارێك کە بتوانین شوێنێك بۆ خۆمان مسۆگەر بکەین، راستە خەڵکانێك دەڵێن کارەکانمان ئاسان بوو، بەڵام من لەگەڵ ئەو بۆچوونە نیم و بردنەوە لە مالی و سودان لەســەر یاریگای خۆیان شتێکی ئاسان نەبوو و هەروەها هەردوو هەڵبژاردەش لە پاڵەوانیەتی نەتەوەکانی ئەفریقیای (٢٠٠٨) بەشدارییان کردبوو مالی زۆر یاریزانی هەبوو لە یانەکانی ئەورووپــا یارییان دەکرد وەکو ســیدو کیتا لە بەرشــلۆنە و کانۆتی لە ئیشــبیلیە و محەمەد دیارا لە ریــال مەدرید و محەمەد سیسۆکۆ چەند یاریزانێکی تریش.

*** بڕوات وابوو بەم شێوەیە بگەنە مۆندیال؟**

- بردنەوە لە چوار یاری لەسەر یەکدی شتێکی ئاســان نییە و دەمەوێ بە متمانەوە پێت بڵێم کە ئێمە کار و ماندبوونێکی زۆرمان کێشا، لە کاتی




# ـــزاردەی گانا نموونەیەکی زیندووی برایەتی موسڵمان و مەسیحیە

تیروپیشـــك خەڵكانێك وای بۆ دەچوون كە ئیمە تووشـــی كێشـــەیەكی گەورە دەبین، بەڵام بە پێچەوانەوە توانیمان یەكبگرین و سەركەوتن بە دەستبهێنن.

*** ئەمە دووەمین جارتانە ســەردەكەون بۆ مۆندیال، ئایا ئەمجارەتان خۆش و جوانتر نەبوو؟**

- هەستێكی خۆش و جوان بوو و دەمانەوێ بە هەمان شـێوەی پێشتر بەشداری بكەن بەڵكو ئەمجارەیان باشتر چونكە ئێستا زۆر باشتر و پێشـــكەوت و ترین لە مۆندیالی ئەڵمانیای (٢٠٠٦).

*** لە مۆندیالی (٢٠٠٦) گانا تەنیا وڵاتی ئەفریقیـــا بوو گەیشـــتە قۆناغی دووەم، چۆن دەڕوانیە هەلی ئەســـتێرە رەشەكان لە باشووری ئەفریقیای (٢٠١٠)؟**

- ناتوانم لە ئێســـتاوە قسە لەسەر مۆندیال بكـــەم و كەی تیپـــەكان تەواوبوون ئینجا قســـە دەكەین، ئێســـتا ئێمە پاڵەوانیەتی ئەفریقیامـــان لە پێشـــە كە لـــە ئەنگۆلا ئەنجام دەدرێ، ئێستاش بیرو هەستمان لەو پاڵەوانیەتیەیە.

*** ئەی هەڵبژاردەی گانا بۆ كوێ دەگات لە مۆندیال؟**

- بـــە رای من لە توانامـــان هەیە دوورتر برۆین بگەینە قۆناغـــی پێش كۆتایی و هەموو هەوڵ و كۆششمان دەخەینە كار بۆ بە دەستهێنانی ئەم ئەنجامە.

*** چ جیاوازی بەدی دەكرێ لە ئەنجامدانی مۆندیال لە ئەفریقیا و ئەڵمانیە؟**

- ئەنجامدانی مۆندیال لە ئەفریقیا شتێكی مێژووییـــە ئێمە خۆشـــحاڵین لە ئەفریقیا كـــە توانیمان مێوانداری ئەم فیســـتیڤاڵە گەورەیە بكەین.

*** ئێســـتا چ جیاوازییەك لە هێزی تیپی گانا بەدی دەكرێ لە بەشداری یەكەمتان لە ئەڵمانیا؟**

- زۆر شـــت هەیە گۆڕانكاری بەســـەر هاتـــووە و راهێنەرێكـــی لێهاتووی وەكو ملیۆفـــان راگیفیتـــچ مان هەیـــە بۆیە گەشـــبینین بە دوارۆژمـــان، ئێمە نوێژ دەكەین لە خـــوا دەپاڕێنەوە كە تیپەكەمان لە مۆندیال بپارێزێ لە نەخۆشی و پێكانی یاریزانەكان.

*** چی لە مۆندیالی ئەڵمانیا فێربوون كە لە مۆندیالی داهاتوو پەیرەوی بكەن؟**

- زۆر شت فێربوون، ئەو كاتەی بەشداریمان لە جامی جیهانی ئەڵمانیا كرد ئەزموونمان زۆر كەم بوو، بۆیە لەم پاڵەوانیەتیە خاوەن ئەزموونیـــن و لە ئێســـتاوە خۆمان ئامادە دەكەین بۆ مۆندیالی داهاتوو.

*** ترســـت لـــە چ یاریزانێـــك و یان چ هەڵبژاردەیەك لەم پاڵەوانیەتیە هەیە؟**

- دەبـــێ رێز لـــە ركابەرەكانمـــان بگرین و ترسیشـــم لە كەس نییـــە، لە مۆندیالی (٢٠٠٦) چاودێران پێیـــان وابوو ناتوانین بەرامبـــەر هەڵبژاردەكانـــی چیكیـــا و ئەمەریـــكا و ئیتاڵیا هیـــچ بكەین، بەڵام توانیمـــان رووبەروویان ببینەوە و بە هەمان شـــێوە لە مۆندیالی (٢٠١٠) رووبەڕووی بەرامبەرمان دەبینەوە.

*** دەزگاكانـــی راگەیاندن لـــە ماوەیە وا چاودێری بە رۆژو بوونی تۆیان دەكرد لە یاری دژی سودان بە رۆژو بوویت؟**

- بەڵـــێ، بـــە رۆژو بووم و موســـڵمانی راســـتەقینە بەهیچ شـــێوەیەك هەڕەشەی توندوتیژی لە كەس ناكات.

*** بـــۆ بـــەرۆژو دەبیـــت دەزگاكانـــی راگەیاندنـــی رۆژهەڵات دەڵێـــن توانای هێزت كەم دەبێتەوە؟**

- ئەمە بۆچوونی وانە و من بۆ وان بەرۆژو نابم من كابرایەكی وام رێز لە ئایینی خۆم دەگـــرم و من لەگەڵ هەڵبـــژاردەی گانا یارییم كرد و گۆڵیشم تۆمار كرد سەرەڕای ئەوەش بە رۆژو بووم.

*** چی بە وانە دەڵێت كە رەخنە لێدەگرن؟**

- من (٨) ســـاڵ بووم بـــە رۆژو دەبم و یاریش دەكـــەم و ئیمانیشـــم بەهێزتر بووە ئەمەش پەیوەنـــدی بە خۆم و خوای خۆم هەیە.

*** دەزگاكانـــی راگەیاندن دەڵێن بە هۆی بەرۆژو بوونت كێشە لە نێوان تۆ و مۆرینهۆ دروست بووە؟**

- ئەمە راســـت نییە، وەكـــو باوكم وایە و منـــی زۆر خۆش دەوێ و رێز لە ئاینەكەم دەگرێ، مۆرینهۆ باوكێكی راستەقینەیە بۆ من و گشت یاریزانەكان.

*** ئەو كاتەی گۆڵت لە سودان تۆمار كرد لەگەڵ تۆ كڕنۆشیان برد؟**

- بەڵێ، ئەمە راستە، ئەمە چەندین ساڵە ئـــەم كارە دووبارە دەبێتـــەوە و ئەو كاتەی گۆڵم تۆماركرد هەموویان كڕۆنشیان برد لەوانە مایكل ئیســـیان و ستیڤن ئەبیا و هەموو یاریزانـــەكان و هەڵبژاردەی گانا نموونەی زیندووی و برایەتی موسلمان و مەسیحیە.

*** هاتنی سامۆئیل ئیتۆ دەبێتە پاڵپشتێك بۆ یانەكەتان وەكو پێشتر كە ئیبراهیۆڤیچ لای ئێوە بوو؟**

- ئەمـــە دەبێتـــە تاوان گـــەر ئیتۆ وەكو ئیبراهیمۆڤیچ ســـەیر بكەیـــن، دەمەوێ پێـــت بڵێم ئیتـــۆ یاریزانێكـــی لێهاتوو و سەرســـوڕمێنەرە و دەتوانێ زیاتر ئەزموون بە یانەكەمان ببەخشێ و هاوكاریمان دەكات بۆ بە دەستهێنانی نازناوەكانی ئەوروپا.

## ڕۆژین عەبدولموحسین کچە یاریزانی پاسکیل سواری هەڵبژاردەی عێراقی

# هیوادارم دایک و باوکان نەبنە ڕێگر لەبەردەم کچەکانیان

**ڕۆژین لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٠ی شاری هەولێرە و قوتابی پەیمانگای پەروەردەی وەرزشییە، یەکێکە لە کچە یاریزانە بەتواناکانی ریزی هەڵبژاردەی پاسکیل سواری عێراقی و یانەی برایەتی شاری هەولێر خاوەن چەندین میدالیای جۆراو جۆرە لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەب و عێراق و کوردستان ئێمە لە نزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵی ساز کرد.**

**دیمانە :کارزان کانەبی**
Karzan_kanabi@yahoo .com

**• ئاستی ئەم یارییە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بەڕاستی ئێستا واهەست دەکەم کەوا ڕۆژبەڕۆژ لە بەرەوپێشچوون دایە بەتایبەتی لە شارەکانی کوردستان لە چاو شارەکانی عێراقی هیوادریشم هەروەها لە پێشکەوتن دابێت بۆئەوەی ئێمە زیاتر هەوڵی خۆمانی بۆ بخەینەگڕ.

**• بە بۆچونی تۆ چی بکرێت باشە بۆبەرەوپێش چوونی ئەم یارییە لە کوردستان؟**

- هیوادرام هەموو یانەکانی کوردستان بتوانن تیپێکی پاسکیل سواری دروست بکەن بۆئەوەی ئەم یارییە زیاتر گرنگی پی بدرێت، هەتا ئێستاش لە کوردستان سێ یانە هەیە کەوا یانەکانیان لە سەر ئاستی عێراقی باش بن. یاریزانانی لە هەڵبژاردەی عێراقی بن، دایك و باوکانیش ڕێگری لە کچەکانیان نەگرن بۆئەنجامدانی ئەم یارییە .

**• زۆر جار گلەیی ئەوە دەکەن. دەڵێن کێشەمان هەیە بابزانین کێشەکانی ئێوە لە چی ڕەنگ دەداتەوە ؟**

- کێشەی پاسکیلمان هەیە و لە گۆمەڵگاکان کێشەکان زیاترە، ئێمە لە یانەکەمان کێشەمان نییە، بەڵام کە دەبیتە یاریزانی هەڵبژاردەی عێراقی دەبێ پاسکیلی تایبەتیت هەبێت، ئێمە بە پاسکیلی خۆمان لە هەڵبژاردەی عێراق ڕاهێنانەکانمان ئەنجام دەدەین .

**• ئەی لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە لەلایەن خانەوادەکانتان ڕێگریتان لێ ناکرێت ؟**

- من وەکو یاریزانێك لە ماڵەوە هیچ ڕێگریم لێ ناکەن بەڵکو ئەوان زۆر یاریمەتیم دەدەن لە گشت ڕوویەك، هیوادرایشم خانەوادەکان هیچ ڕێگریەك لە منداڵەکانیان نەگرن بۆ وەرزش کردنیان چونکە بەم وەرزشە دەتوانی خۆت بەتەواوی بەجیهان بناسێنی، ئێمەش هیچمان لە یاریزانانی تر کەمتر نیە بۆیە پێویستە هەموو لایەکمان هەوڵدەین بۆهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە گشت ڕوویەك بۆڕووکردنە وەرزش بەتایبەتی بۆکچان .

**• هیواو ئاواتی ڕۆژین چیە وەکو کچە کوردێك لەم یارییە؟**

- هیوادارم هەموو کچە وەرزشکارێك ئەو ئاواتەی هەیانە بەدەستی بێنن، من ئەو ئاواتەم هەبوو بەدەستم هێناوە زۆریش سەربەرزم هیوادرایشم بتوانم زۆرترین دەسکەوت بەدەست بێنم.

**• جگە لە پاسکیل سواری هیچ وەرزشی تر ئەنجام دەدێت ؟**

- ئێستا نا بەلام پێشتر یاری گۆڕەپان ومەیدانم ئەنجام داوە

**• هیچ یانەیەك داوای لێ کردووی یاری بۆبکەیت؟**

- بەلی چەندین یانە پەیوەندی پێوە کردومە بەڵام من یانەکەی خۆم بە هیچ یانەیەکی تر ناگۆڕمەوە.

**• ئایا بەرپرسانی وەرزشی وەکو پێویست خزمەتی ئێوەی کچیان کردوە ؟**

- وەکو وەزارەتی وەرزش ولاوان هیچ پشتگیری نەکراوین بەلام تەنیا سەرۆکی لێژنەی ئۆلۆمپی پشتگیری کردوین مانگانە مووچەی بۆمن وچەند یاریزانێکی تر دابینکردوە .

• پەیامت چییە بۆئەو کچانەی کە وەرزش ناکەن؟

- هیوادارم هەموو کچێکی کورد کە بێن وەرزش بکەن چونکە وەرزش بۆجەستە باشەو وەکو یاریش خۆشیەکی تایبەتی خۆی هەیە.

**• ئەی راستە یانەیەکی عەرەبی پەیوەندی پێوەکردبووی ؟**

- بەڵێ یانەیەکی وڵاتی ئیمارات بوو، بەڵام نەم توانی یاری بۆبکەم ئەگەر نا زۆریشیان حەز لێ بوو .

**• یانەی برایەتی وەکو پێویست هاوکاریتان دەکات؟**


- سوپاسی دەستەی کارگێڕی یانەو ڕاهێنەرانی یانەکەمان دەکەم کە زۆر ماندوون لەگەڵمان

**• ململانێ وەرزشی لەگەڵ چ یاریزانێك دەکەیت لەم یارییە ؟**

- من خۆم لەگەڵ هەموو یاریزانێك پێشبڕکێییەکی وەرزشی دەکەم هەمیشە هەوڵ دەدەم بتوانم بەرزترین ئەنجام بەدەست بێنم و ناوی خۆم و یانە و هەڵبژاردەکەم بەرز کەمەوە

**• دوا پەیڤت بۆ گۆڤاری گوڵان؟**

- هیوادارم گۆڤاری گوڵان چۆن پێشەنگە لە خزمەتکردنی وەرزشکاران ئەوهاش یاریزانانی کچانی یانەکانی کوردستان بەسەر بکاتەوە گرنگی بەوەرزشی کچان بدات .





## سەرۆک وەزیرانی ئیسپانیا خۆشحاڵە بە گۆڵباران کردنی ریال مەدرید

دوای ئەوەی یانەی ریال مەدرید تووشی کارستێکی گەورە هات لە جامی شای ئیسپانیا بەرامبەر یانەی لکورکون کە لە پلەی (٣)ی ئیسپانیا یاری دەکات تووشی دورانی گەورە هات بە ئەنجامی (٤-سفر) گۆڵ، لەمبارییەوە رۆژنامەکانی ئیسپانیا لەسەر زاری سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیا لویس سابتێرۆ بڵاویان کردۆتەوە کەوا سەرۆك وەزیران زۆر خۆشحاڵە کە یانەیەکی پلەی (٣)ی ئیسپانای ئەم ئەنجامە گەورەیی بە دەستهێناوە.

جێگای باسە یانەی ریال مەدرید بە یانەی شاهانە ناسراوە چونکە زۆربەی هەر زۆری بەرپرسانی حکوومی ئیسپانیا و شای ئیسپانیا هاندەری سەر سەختی ئەم یانەیەن، بەڵام دیارە سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیا هاندەری یانەی ریال مەدرید نییە.

## ئایا مۆتۆ دەچێتە میلان؟





به پێی سەرچاوە هەواڵیەکان یانەی ئەی سی میلان بە نیازە بۆندێك لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی رۆمانیا و یانەی ڤیرۆنتینای ئیتاڵی ئەندریا مۆتۆ مۆربکات، بۆیە دەستەی کارگێ‌ڕی یانەی میلان بیر لەوە دەکاتەوە کە ئاڵوگۆریەك بکات ئەویش بە فرۆشتنی یاریزانی هەڵبژاردەی هۆڵەندە کلاس یان هۆنتیلار بە یانەی ڤیرۆنتینا لەگەڵ پێدانی (٥) ملیۆن یۆرۆ، جێگای باسە یاریزان هۆنتیلار دوای ئەوەی لە ریزی یانەی ریال مەدرید هاتووتە یانەی میلان تا ئێستا هیچ گۆڵێکی تۆمار نەکردووە ئەمەش بۆتە جێگای نیگەرانی جەماوەر و دەستەی کارگێری و لیۆناردۆی راهێنەر، لە بەرامبەردا یاریزان مۆتۆ ئاستێکی یەکجار بەرز لەگەڵ یانەی ڤیرۆنتینا نیشان دەدات لە خولی ئیتاڵیا و خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا.

## یۆڤانتس چاوی لە کاسانۆیە



سەرچاوە هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە یانەی یۆڤانتس چاوی بردۆتە یاریزانی یانەی سامدۆریا ئەنتۆنیۆ کاسانۆ بۆ ئەوەی گواستنەوەی زستانە یاری بۆ یانەی یۆڤانتس بکات، بەڕێوەبەری یانەی سامدۆریا باس لەوە دەکات کەوا گفتوگۆ لە نێوان یانەی سامدۆریا و یانەی یۆڤانتس هەیە سەبارەت بە کاسانۆ، زۆر نزیکە بۆ ئەوەی بۆندی لەگەڵ مۆربکەن ئەمەش بۆ ئەم ئاستە بەرزی کاسانۆ دەگەڕێتەوە کە لەگەڵ یانەی سامدۆریا لە وەرزی ئەمساڵ نیشانیداوە و زۆربەی یانە گەورەکانی ئەوروپا هەوڵیان داوە کە بۆند لەگەڵ ئەم یاریزان مۆربکەن، بەڵام یۆڤانتس زۆر نزیکە لە مۆرکردنی بۆندەکە.